# عێراق لە ساڵی 2007 دا

جەلال بەرزنجی

2006- 12-4

**کەنەدا**

ئەمریکا لە دەنگ دانی ئەم دواییەی , دەنگی بۆ سزادان و بە خۆداچوونەوەی (جۆرج بۆش)دا, سەبارەت بە عاسێ بوونی بە دیموکراسی بوونی عێراق لە تەنگژەدا., بۆش زوو مەسیجەکەی وەرگرت , وەزیری بەرگری رۆناسفیلدی گۆڕی, یەکسەر دوای ئاشکرا بوونی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەندامانی کۆنگرێس وپیران کە دیموکراتەکان زۆرینەی کورسیەکانیان بە دەست هێنا و لە گەڵ ( نانسی پیلوسی) دیموکرات وسەرۆکی تازەی کۆشکی سپی کۆبوونەوە, داوای هاریکاری یەکتری کردنی کۆماری ودیموکراتەکانی کرد بۆ سەرکەوتنی جەنگ لە عیراق .. لەو کاتەوە تا ئێسا ئەمریکا خەریکی پیاچوونەوەی تاکتیکی خۆیەتی لە عیراق , هێنانەوە پێشەوەی (هنری کیسنجر) کە زۆر گرنگی بە ئەخلاقی سیاسی نادات لە پێناوی بەرژەوەندی ئەمریکا و کارکردنی لێژنەی هملتۆن_ بێکر. بۆرێگە چارەیەک دەرئەنجامی ئەم نیگەرانیەن کە ئەمریکا لە عێراق هەیەتی, بۆیەئێستا کە لە عێراق زۆر کارێکتەری تازە دەرکەوتوون وەک ئەو کاتە نییە کە تازە رژێمی سەدام روخابوو , گەرماو گەرم , زۆرینەی خەڵکی عێراق لە گەڵ ئەم وەزعە تازەیە بوون سەیۆرتی هاتنی ئەمریکایان دەکرد , بەڵام ئەمریکا و ئۆپۆزسیونی عێراقی کە تازەهاتبوونەوە بۆ وەرگرتنی دەسەڵـات سوودیان لەم رەوشە وەرنەگرت ,هەرچەندە چونکە عێراق لە بنەڕتدا بە هەڵەدروست کراوەو چەند نەتەوەیەکی جیاوازی مەلتی کەلچەرو مەلتی مەزهەبیان لە ناورژێمە یەک لە دوای یەکەنادیموکرات و نا مەلتی کەلکەرلیزمەکان ئاخنیووە ,پێکەوە ژیان زەحمەتە گەرمرۆڤەکانی پێشینەو کەلتوور جیاواز هەرسی مەلتیکەلکەریزمیان نەکردبێت , بەڵام رەنگ بوو وەزعەکە واخراپ نەبووبایەعێراق وەک ئێستا لە شەڕی ئەهلی ئیعلان نەکراو نەژیاباو لە شاری( بەسرە)ش کەگوایە ئارام ترە لە شارەکانی تری عەرەب نشین, لە سەر بازنەی (ترافیک ) ئەپارتمان دروست نەکرابایە ,زۆر جار لێرە, خەلکانێک دەزانن کوردم لێم دەپرسن عێراق بەرەو کوێ دەڕوات , منیش دەلێم لەگەڵ ئەوەی من سیاسی نیم رەنگە بۆچوونەکانم شاعیرانەو ئەحساساتی بێن, بەڵام زۆر زەحمەتە بتوانی پێشبینی وەزعی داهاتووی عێراق بکەیت لە گەڵ ئەوەشدا هەندێک .

گریمانی دوور لەبە واقیعی بوون هەن, یەک لەمانە گەر کەسێکی عەرەبی سونە ی بەهێز پەیدابێت بتوانێ کۆنترۆڵی سێگۆشەی عەرەبی سونە بکات وبە جدیش سەپۆرتی بکەن و هاریکاری ئەو حکوومەتە بکات کەلە لایەن شیعەکانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت . یان حکوومەتێکی زۆر بەهێزی شیعە دروست بێت بتوانی کۆنترۆلی رەوشەکە یکات ئەم دووگریمانە واتە دروست بوونەوەی دەولەتێکی مەرکەزی ئەگەر کوردستان هەروا بە لکێنراوی بە عیراق بمێنیتەوەبۆی خراپ دەبێت , یان عێراق دابەش بکرێت بۆ سێ دەولەت ,یان ئەمریکا سوپای خۆی بکێشتەوەولە عێراق بە تەواوی ببێتە شەڕی ئەهلی وەکو (رواندا)ی لـێ بێت , لەم حاڵەتە ئەمریکا دەدۆڕێنێ و رەنگە نەخشەی ناوچەکە ش بگۆڕێ و (ئوسامە بن لادن) یش ببێتە سەرۆکی ئەوکاتی (عەرەبستانی سعوودی) سەرۆکی ئەمریکا لە

**کۆبوونەوی عەمان لە گەڵ مالکی گووتی (دەبێ کارەکەمان لە عێراق تەواوکەین ) کێ دەزانێ ئەم کارە کەی تەواو دەبێت ؟ چۆن تەواو دەبێت!! بۆ یە رەنگە وەزعەکە هەر ئەوها بمێنێتە وهەواڵەکانی کوشتاری تیرۆرستانەی عێراقیەکان هەوەک ئێستا قاوەی بەیانیانیان بێت! .**